هەرکەسێک شتومەکەکەی لە لای کەسێک بوو کە تووشی مایەپووچی هاتبوو؛ ئەوا ئەو شایستەترە بە بردنی زیاتر لە کەسێکی تر

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک شتومەکەکەی لە لای کەسێک بوو کە تووشی مایەپووچی هاتبوو؛ ئەوا ئەو شایستەترە بە بردنی زیاتر لە کەسێکی تر».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرکەسێک شتومەکێکی بفرۆشێت بە کەسێک یان بە قەرز پێی بدات، وپاشان کەسی بەرامبەر (کڕیارەکە) تووشی مایەپووچی هات یان پارە پێویستی پێنەبوو کە نرخی شتومەکەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی، یان قەرزەکەی بداتەوە، ئەوا فرۆشیارەکە مافی ئەوەی هەیە زیاتر لە کەسێکی تر کە شتومەکەکە بۆ لای خۆی بباتەوە ئەگەر وەکو خۆی بێت وگۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبێت، ئەگەر گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت ئەوا وردەکاری تر هەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5838